بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

# ڕەشنووسی پرۆژە یاسایی

# دیارکردنی نوێنەرایەتی

# خوێندکاران/قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان

# لە هەرێمی کوردستان

## ڕێکخراوی چاوی زانکۆ

باڵیۆزانی دیموکراسی

March 2019

# بەشی یەکەم

## پێناسەکان

### ماددەی یەکەم:

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان لەبەرامبەردا هاتووە**

یەکەم :هەرێم : هەرێمی کوردستانی-عێراق.

دووەم :قوتابی یان خوێندکار : دوو دەستەواژەی یەکسانن و هاومانان ،لەجیاتی یەکتر بەکاردێن

سێیەم :خوێندکار/قوتابی : خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگا .

چوارەم : هەڵبژاردن : هەڵبژاردنی نوێنەرانی خوێندکاران / قوتابیان .

پێنجەم : نوێنەر: قوتابی/ خوێندکاری هەڵبژێردراو .

شەشەم : قۆناغ : قۆناغی خوێندنی خوێندکار/قوتابی .

حەوتەم :گروپ /پۆل/ هۆبە : دابەشبوونی خوێندکاران/قوتابیانی قۆناغێکە لە ساڵیکدا .

هەشتەم :بەش یان لقی زانستی : یەکەی بنەرتیی زانستییە لە خوێندنی باڵادا ( زانکۆ و پەیمانگا )

نۆیەم : کۆلێژ یان سکۆل : پێک دێت لە چەند بەش و بواریك یان لە چەند بوارێکی زانستی دەکۆلێتەوە

دەیەم : فاکەڵتی : پێکدیت لە چەند سکولێك و بواری زانستی

یازدەهەم : زانکۆ: پێک دێت لەچەند کۆلێژ یك یان فاکەلتیەك کە بروانامەی بالاي تێدا بەدەست دێت.

دوازدەهەم : پەیمانگا: پێك دێت لەچەند بەشێک و بوارێکی زانستی, کە بروانامەی دیبلۆمی تێدا بەدەست دێت.

سێزدەهەم : دەستەی باڵای نوێنەرایەتی خوێندکاران /قوتابیان : بریتیە لە نوێنەرایەتی کاروباری خوێندکاران/ قوتابیان لە هەر کۆلێژێك کە پێکهاتووە لە ( بۆڕدی کارگێڕی و دەستەی بەڕێوەبردن ونوێنەرانی بەش و گروپ و یانەکان ).

چواردەهەم : بۆردی کارگێڕی : بریتە لە بۆردی قوتابیان/خویندکارانی کۆلێژ کە ڕۆڵی چاودێری و ڕاوێژکاری و یارمەتیدەر دەبیت بۆ دەستەی بەڕێوەبردن لە ڕێکخستنی کاروباری خوێندکاران/قوتابیان .

پازدەهەم : دەستەی بەڕێوەبردن : بریتیە لە دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابیان/خوێندکارانی کۆلێژ، ئەرکی ڕاپەڕاندنی و ڕێکخستنی کاروباری خویندکاران/قوتابیان لە ئەستۆ دەگرێت .

## بەشی دووەم

## هەڵبژاردن

### ماددەی دووەم:

یەکەم: خۆپاڵاوتن بۆ نوێنەرایەتی کارێکی ئارەزوومەندانەیە و هەموو خوێندریك / قوتابیەك دەتوانێت پیادەی بکات .

دووەم : هەموو ساڵێك هەڵبژاردن دەکرێت لە ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ١٥ ڕۆژ وە زیاتر نەبێت ٤٥ ڕۆژ لە دوای دەست پێکردنی دەوامی فەرمی خوێندکاران/قوتابیان .

سێ یەم: گشت هەڵبژرادنەکان لەسەر پێوەری زۆرینەی ڕەها دەبێت .

چوارەم: گشت هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی نهێنی دەبێت وە ژماردنی دەنگەکان بەشێوەی ئاشکرا دەبێت .

پێنجەم: هەڵبژاردن لە ناو پەیمانگا و فاکەلتییەکان هاوشێوەی کۆلێژ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

شەشەم : دوای واژوو کردنی مامۆستای دیاری کراو بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕادەگەیێندرێت لەسەر ئاستی گروپەکان .

حەوتەم : سکاڵا و تانەکان لەپرۆسەی هەلبژاردنەکە ئاراستەی لایەنی سەرپەرشتیار دەکرێت.

هەشتەم : خوێندکار بۆی هەیە تەنیا دوو خوول نوێنەرایەتی بکات لەدەستەی بەرێوەبردن.

نۆیەم : لەحاڵەتی وازهێنان یاخود دروست بونی بۆشایی لە نوێنەرایەتیەکاندا بەهەرهۆیەک بێت ، نوێنەر بەهەمان میکانیزمی پێشوو هەڵدەبژێردرێتەوە .

دەیەم : ئەنجوومەنی کۆلێژ بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئاستی گروپەکان و چاودێری هەلبژاردنەکانیتریش دەکات .

یازدەهەم : ئەنجوومەنی کۆلێژ ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاریدەکات ، ٧ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە گشت خوێندکارانی لێ ئاگاداردەکاتەوە .

دوازدەهەم : لەو بەش و گروپانەی پێکهاتوون لە یەك ڕەگەز تەنیا یەك نوێنەریان هەڵدەبژێرن .

## بەشی سێیەم

## میکانیزمی هەڵبژاردنی نوێنەر

### ماددەی سێیەم:

یەکەم: نوێنەرانی گروپ لەلایەن قوتابیان/خوێندکارانی گروپەوە هەڵدەبژێردرێن.

دووەم: نوێنەرانی گروپەکان لە نێوان خۆیان دوو نوێنەر گروپ وەك نوێنەرانی بەش هەلدەبژێرن بەمەرجێ پاڵێوراوان لە قۆناغی دوو کەمتر نەبن دوای وەرگرتنی ڕاوێژ لە قوتابیان / خوێندکارانی گروپەکەی خۆیان .

سێ یەم : خۆپاڵاوتن بۆ نوێنەرایەتی گروپ لەهەمان رۆژی هەڵبژاردن دەبێت .

چوارم : بۆ نوێنەرایەتی بەش و گروپەکان دوو نوێنەر هەڵدەبژێردرێت، بەمەرجێ یەکیان کچ و ئەویتریان کوڕ بێت.

پێنجەم : لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ، قوتابی /خوێندکار ( کوڕێك و کچێك ) وەك نوێنەری خۆی دیاریدەکات دەنگیان پێدەدات .

شەشەم : هەڵبژاردنی نوێنەرانی گشت گروپەکان لەیەک رۆژ ولە یەک کاتدا لەناو گروپەکانی خۆیانەوە ئەنجام دەدرێت .

حەوتەم : گشت هەلبژاردنەکان لە ئاستی گروپ لە لایەن مامۆستایانی کۆلێژوە سەرپەرشتی دەکرێن .

هەشتەم : نوێنەری گروپ متمانەی لێ وەردەگیرتەوە لە کاتی کۆکردنەوەی واژووی ٪ ٥١ ی خوێندکاران/قوتابیانی گروپەکەی ، بەهەمان میکانیزمی پێشووتر نوێنەرێکتر هەلدەبژێرن .

نۆیەم: نوێنەری بەش متمانەی لێ وەردەگیرتەوە لە کاتی کۆکردنەوەی واژووی ٪ ٥١ ی نوێنەرانی گروپەکانی بەشەکەی ، بەهەمان میکانیزمی پێشووتر نوێنەرێکتر هەلدەبژێرن .

## ماددەی چوارەم :

یەکەم : نوێنەرانی بەش ( کچ و کور) ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی بۆڕدی کارگێری قوتابیان /خوێندکارانی کۆلێژ .

دووەم: ئەندامانی بۆڕد لە نێوان خۆیان ئەنداميك وەك ڕێکخەری بۆڕد هەڵدەبژێرن .

## ماددەی پێنجەم :

یەکەم : دەستەی بەڕێوەبردن ڕاستەوخۆ لە لایەن بۆڕدی کارگێڕی قوتابیان /خوێندکارانی کۆلێژەکەی خۆیانەوە هەلدەبژێردرێن بە یەکێك لەم شیوازانە

١). ئەگەر بۆڕدی کارگێری لە ١٠ ئەندام زیاتربوو

ا . دەکریت لە نێوان خۆیان ٥ کەس وەك دەستەی بەڕێوە بردن هەڵبژێرن بەمەرجێ هاوسەنگی ڕەگەز پارێزراوە ،ئەندامەکانیتر وەك ئەندامی بۆڕد دەمێنەوە .

ب. دەکریت لە ریگایی پێدانی فۆرمی تایبەت کاندیدانی دەستەی بەڕێوەبردن دیاری بکات دواتر لەڕێگایی هەلبژاردنەوە دەستەکە دیاری بکریت ، بەمەرجێ هاوسەنگی ڕەگەز پارێزراو بێت .

٢). ئەگەر بۆڕدی کارگێڕی لە ١٠ ئەندام کەمتربوو ئەوا بۆڕدی کارگێڕی لە ڕێگایی پێدانی فۆڕمی تایبەت کاندیدانی دەستەی بەڕێوەبردن دیاری بکات دواتر لەڕێگایی هەڵبژاردنەوە دەستەکە دیاری بکرێت ،، بەمەرجێ هاوسەنگی ڕەگەز پارێزراو بێت .

٣) ئەگەر پاڵێوراوان بۆ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن لەڕێگایی فۆڕمەوە دیارکران ئەوا پێویستە :

ا. ٧ ڕۆژ ماوە هەبێت بۆ خۆتۆمارکردنی پاڵێوراوان بۆ دەستەی بەڕێوەبردن .

ب. ناوی پالێوراوان ڕابگەێندرێ دوای کۆتایی هاتنی وادەی خۆتۆمارکردن و هەڵسەنگاندن بۆیان .

دووەم : مافی خۆ پالاوتن بۆ دەستەی بەڕێوەبردن تەنیا بۆ یەك بەرپرسیارەتی دەبیت .

سێیەم : دەبێت پاڵێوراو بۆ دەستەی بەڕێوەبردن لە قۆناغی دوو کەمتر نەبێت .

چوارەم : پێویستە پاڵێوراو بۆ دەستەی بەڕێوەبردن، پێشووتر نوێنەرایەتی کردبیت یاخود لە دەستەی دامەزرێنەرانی یانەیەك بێت یان کاری خۆبەخشی و مەدەنی کردبێت ( ئەم مەرجە، پالێوراوانی یەکەم ساڵی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ناگرێتەوە )

پێنجەم : دەنگدەر بۆ هەر بەرپرسیارتیەك لە دەستەی بەڕێوەبردن بۆی هەیە یەك دەنگ بدات ، دەنگدان بە وەکالەت ( بەلەجیاتی ) نابێت .

بەشی چوارەم :

ئەرك و دەستەڵاتەکان

ماددەی شەشەم : نوێنەرانی گروپ و بەش

یەکەم : نوێنەری گروپ نوێنەرایەتی گروپەکەی خۆی دەکات لەو پرس و بابەتانەی پەیوەندیدارن بە خوێندکاران/قوتابیانی ناو گروپەکەی .

دووەم: نوێنەری بەش نوێنەرایەتی بەشەکەی خۆی دەکات لەو پرس و بابەتانەی پەیوەندیدارن بە خوێندکارانی بەشەکەی .

## ماددەی حەوتەم: بۆردی کارگێری قوتابیان/ خویندکارانی کۆلێژ

یەکەم : بۆردی کارگێری پێکهاتووە لە ڕێکخەر و ئەندامانی

دووەم : بۆردی کارگێری مانگانە یەک جار کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات و لە کاتی پێویستیش کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات.

دووەم : ئەرك و دەسەڵاتەکانی بۆردی کارگێری .

١ ) دەتوانێت بەدەنگی ٣/٢ ی ئەندامان متمانە لە سەرۆك و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن بستێننەوە ( بەمەرجێ پێشوتر بەپرۆسەی ئاگادارکردنەوە و پاشان سزادان داڕۆیشتبێت ) .

٢ ) ڕۆڵی ڕاوێژکاری دەبێت لەو حاڵەتەی دەستەی بەڕێوەبردن داوای لێبکات .

٣ ) چاودێری دەستەی بەڕێوەبردن دەکات و دەتوانێ داوای ڕاپۆرتی لێبکات. وردبینی و پێداچوونەوەی ڕاپۆرتەکانی دەستەی بەڕێوەبردن دەکات .

٤ ) ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینێت لەکاتی پێوست لە بەڕێوەبردنی هەر چالاکێکی دەستەی بەڕێوبردن .

٥) مافی ئەنجامدانی گشت پرسی هەیە لە ناو کۆلێژ بۆ ئەو پرسانەی پەیوەندی بەخوێندکاران هەیە.

## ماددەی هەشتەم: دەستەی بەڕێوەبردن

یەکەم: دەستەی بەڕێوەبردن پێکهاتووە لە سەرۆك و ٤ ئەندام کە بەرپرسی بەشەکانن .

دووەم : دەستە مانگانە دوو جار کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات، و لە کاتی پێویستیش کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات, بە ڕێژەی ( ٣/٢ ) بڕیارەکان پەسند دەکات .

سێیەم : سەرۆکی دەستە و بەرپرسی بەشەکان دەتوانن بە سیستەمی ( co- opt) دوو کەس وەك یاریدەدەر بۆ خۆیان دیاری بکەن ( بەلام ئەم یاریدەدەرانە مافی بڕیاردانیان نابێت تەنیا ڕاوێژ دەدەن )

چوارەم : ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە

١ ) جێبەجێ کردن و سەرپەرشتی کردنی پرۆژە و چالاکییەکان .

٢ ) دەرکردنی ڕێنمایی کاری دەستە لەگشت بوارەکان.( بۆ ئەم خوولە دەکرێت ڕێنمایەکان دابنرێن لەلایەن ئامادەکاری ڕەشنووس بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆلێژ یان زانکۆکە )

٣). بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکییەکانی دەستە .

٤) بڕیاردان لە خەرجی دارایی دەستە.

٥) بڕیاری دروستکردنی لیژنە و کەمپین دەدات سەبارەت بە هەر کێشە و بابەتێکی پێویست بۆ بەدواداچوون و داکۆکی لە مافی خوێندکاران و بەرەوپێش بردنی پرۆسەی خوێندن، یان هەربابەتێکی ناوەخۆیی

٦) نوێنەرایەتی گشت قوتابیان /خوێندکارانی کۆلێژەکەیان دەکەن و بەرپرسیارن لە ڕاپەڕاندنی کاروباری خوێندکاران/قوتابیان .

٧) لە کاتی پێویست دەتوانێت سوود وەربگرێت لە یانەکان یاخود نوێنەرانی گروپ و بەشەکان وەك لێژنەیەی یارمەتیدەر لە بۆنە و چالاکیەکان.

پێنجەم : ئەرك و دەسەڵاتی سەرۆکی دەستە و بەرپرسی بەشەکان .

١) سەرۆکی دەستە :-

ا. بەرپرس دەبێت لە خەرجی دارایی دەستە .

ب. کۆبوونەوەکان بەڕێوەدەبات و لەکاتی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ڕێك دەخات .

پ. نوێنەرایەتی کۆلێژ دەکات لە بۆنە و کۆبوونەوەکان .

ت. نوێنەری کۆلێژە و بەشداری لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێژ دەکات لەو پرسانەی کەپەیوەستە بەخوێندکارانەوە.

ج. پێشوازی فەرمی لە میوان و شاندەکان دەکات .

چ. سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی دەستە دەکات، و هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدات لەگەڵ دامەزراوە و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان، ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانە ئامادە دەکات .

ح. ڕاستەوخۆ دەبێت ئەندامی بۆردی خوێندکاران/قوتابیانی زانکۆکەی خۆی .

٢) بەرپرسی بەڕێوەبردن و دارایی :- بەرپرسە لە بواری کارگێڕی دەستە و خەرجی دەستە و خەرجی پرۆژەکان، بەپرسە لە گشت ئەرشیف و تۆمارەکان و ئەرکی تۆمارکردنی ئەو یانە و گروپ و ڕێکخراونە لە ئەستۆ دەگریت کە دروست دەکرین لە لایەن قوتابیان خوێندکارانی کۆلێژ، ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانە ئامادە دەکات .

٣ ) بەرپرسی چالاکییەکان :- سەرپەرشتی گشتی چالاکییەکانی دەستە دەکات، وە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆلێژ سەرپەرشتی هۆڵ دەکات و کارئاسانی بۆ ئەو گروپ و یانە و ریکخراوەنە دەکات کە چالاکی جۆراو جۆر ئەنجامدەدەن لە ناو کۆلێژ ، ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانە ئامادە دەکات .

٤ ) بەرپرسی زانستی و ئەکادیمی :- ئەركی سەرپەرشتیكردن و ئەنجامدانی توێژینەوە و راپرسییەكانی ناو كۆلێژ لە ئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتی گشتی پڕۆژەكان دەكات و پلان بۆ پڕۆژەی نوێ دادەنێت و پڕۆژە پێشنیاركراوەكان رێك دەخات ، راپۆرتی وەرزی و ساڵانە ئامادە دەكات .

٥ ) بەرپرسی كاروباری خوێندكاران /قوتابیان :- ئەركی رێكخستن و سەرپەرشتیكردنی نوێنەرایەتییەكان لە گروپەكان لە ئەستۆ دەگرێت و دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان نوێنەرەكان و دەستەی بەرێوەبردن, راپۆرتی وەرزی و ساڵانە ئامادە دەكات ( گلەی قوتابیان / خوێندكاران وەردەگرێت و دەیانگەیێنێتە راگرایەتی ) .

## بەشی پێنجەم

### ماددەی نۆیەم :یانەكان

یەكەم : قوتابیان /خوێندكارانی زانكۆ ئازادن بۆ دروست كردنی هەر یانەیەك لە بوارە جۆراو جۆرەكان ( ئاینی ، سیاسی ، زانستی ، كلتوری ، هونەری، وەرزشی ، رۆشەنبیری، كۆمەڵایەتی، یاسایی، ماف و ئازادییەكان، پەرەپێدانی تواناكان، فەرهەنگی، كەلتوری ) .

دووەم : یانە لەلایەن دەستەی بەرێوەبردنی خویندكارانی كۆلێژ تۆمار دەكرێن.

سێیەم : دەكریت یانەكان چالاكی بەشێوەكی سەربەخۆ یاخود بەهاوكاری دەستە ئەنجام بدەن.

### ماددەی دەیەم : بۆردی قوتابیان /خوێندكارانی زانكۆ

یەكەم : بۆردی قوتابیان /خوێندكارانی زانكۆ پێكدێت لە رێكخەر و ئەندامانی بۆرد .

دووەم: سەرۆكی سەرجەم دەستەی بەرێوەبردنی كۆلێژەكان دەبنە ئەندام لە بۆردی قوتابیان /خوێندكارانی زانكۆكەی خۆی .

سێیەم: ئەندامانی بۆرد لەنێوان خۆیان رێكخەری بۆرد دیاری دەكەن .

چوارەم : رێكخەری بۆرد نوێنەرایەتی قوتابیان/خوێندكارانی زانكۆكەی خۆی دەكات لە كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی زانكۆ لەو كاروبارانەی پەیوەندی بەخوێندكاران / قوتابیان هەیە .

# بەشی شەشەم

# حوکمە گشتیەکان

## ماددەی یازدەهەم :

یەکەم : دارایی دەستەی باڵای نوێنەرایەتی خوێندکاران/قوتابیان لەلایەن کۆلێژەوە دابین دەکریت ، لەڕێگای پێشکەش کردنی پرۆپۆزەڵ لەلایەن بەرپرسی بەشەکان بۆ کار و چالاکیەکانیان بۆ ماوەی سالێك .

دووەم: زانکۆ و کۆلیژەکان ئازادن لە هەڵبژرادنی ناوێك بۆ هەیکەلی دەستەی باڵای نوێنەرایەتی قوتابیان /خوێندکاران .

سێیەم : دەکریت کۆلێژ بەهەماهەنگی لەگەل دەستەی باڵا لۆگۆ و دروشم بۆ دەستەی باڵا دابنێن و دواتر بخریتە ریفراندۆم و قوتابیان/خوێندکاران دەنگی لەسەر بدەن لەساڵی یەکەمی کارپێکردنی ئەم پرۆژە یاسایە.

چوارەم: دەستەی باڵای نوێنەرایەتی قوتابیان /خوێندکاران ڕێگە ناگرێت لە ڕێکخراوە قوتابی وخوێندکارییەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەناو حەرەمی زانکۆ چالاکی و دیبەیتی(سیاسی و زانستی و رۆشنبیری ..هتد ) ئەنجامبدەن بەجۆرێك بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکیانە دەستەی باڵای لێ ئاگادارکرابێتەوە .

پێنجەم : بەش و کۆلێژ و سەرۆکایەتی زانکۆ هاوکاری دەستەی باڵای نوێنەرایەتی قوتابیان /خوێندکاران دەکات لە دابین کردنی پێداویستی و ئامراز و شوێن بۆ کاروچالاکییەکانی خوێندکاران/ قوتابیان .

شەشەم : دەستەی باڵا بۆی هەیە لەڕێگایی سپۆنسەر بۆ کۆمپانیا و دەمەزراوەکان یان لەڕێگایی فەندەوە لەگەڵ ڕێکخراوە دەرەکیەکان( نێودەوڵەتیەکان ) داهات بۆ خۆی پەیدابکات .

حەوتەم : هەردوو ووشەی قوتابی یان خوێندکار دوو دەستەواژەی یەکسانن و هاومانان ،لەجیاتی یەکتر بەکاردێن هەر زانکۆیەك ئازادە لە بەکارهینانی هەر کامێکیان .

هەشتەم : ئەرکی نوێنەرایەتی کارێکی خۆبەشانەیە.

## هۆکاری دەرچوون

لە پێناو بەهێزکردنی سەرکردایەتی و دروست کردنی ڕابەری پیشەیی لە ناو خوێندکاران/ قوتابیان و قوڵکردنەوەی کلتوری دیموکڕاسی لە ناوەندەکانی خوێندن وەك بەشێکی زیندووی کۆمەلگە ،لەگەڵیدا بەرفراوانکردنی بەشداری و ئازادیەکانی خوێندکاران/قوتابیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیەکان ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هەمووان بە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و لایەنە جیاجیاکان لە کێبرکێ کردن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خوێندکاران/قوتابیان . ئەمەش دەبێتە هۆی ژینگەیکی گونجاو بۆ فرەیی و ململانێی دیموکڕاسیانە و بەرزکردنەوەی توانا زانستی و رۆشەنبیری و مرۆیەکانی خوێندکار/قوتابی و دروست کردنی نوێنەرایەتیێکی جێگر و شارەزا بە کاروباری خوێندکاران/قوتابیان کە بتوانیت بێ جیاوازی خوێندکاران لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و کاروبارەکانیان رێکبخات .